The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

# لادانی دادوەر عەبدوڵلا عامری جێگای دەستخۆشییە

ئەمڕۆ ئێوارە بەپێی هەواڵەکان، دادوەر "عەبدوڵلا عامری" بەهۆی "لەدەستدانی بێلایەنی" لە دادگایی سەدام و5 لە دارودەستەکەی لەسەر تاوانی ئەنفالدا لەسەرکار لادراوە.

عەلی دەباغ وتەبێژی حکومەتی ئێراق، ئەوەی ڕوونکردەوە، کەوا "حکومەت داوای لە دادگای باڵای تاوانەکان کردوە، دادوەر عەبدوڵلا عامری بەهۆی لەدەستدانی بێلایەنی، لە سەرپەرشتی پرۆسەی دادگاییکردنی دۆسیەی ئەنفال لابدرێت. دادگا پێی ڕاگەیاندووین کە دادوەر عامری لادراوە، ئەوەش بڕیارێک بووە لەلایەن سەرۆکایەتی حکومەت دراوە" وە دادگای باڵای عیراقیش ڕەزامەندی دەربڕیوە.

ناوەندی چاک دەستخۆشی لە لادانی دادوەر عەبدوڵلا عامری دەکات، ئەوەش دوای ئەو فشارە دێت کە ناوەندی چاک و زۆر لە ڕێکخراو و ڕۆژنامە و ماڵپەڕی کوردی و عەرەبی خستیانەسەر دادگا و حکومەتی ئێراقی و داوای لادانی دەستبەجێی ئەو دادوەرە یان کرد .

ئێمە لە کاتێکدا ئەو هەنگاوە بەگونجاو دەنرخێنین، ڕەخنەگرانە سەیری دادوەری داهاتوو و هەنگاوەکانی ئەو دادگا ئێراقی و عەرەبییە دەکەین. هەروەها پێمانوایە تاکە دادگای شیاو و گونجاو بە تاوانی ژینۆساید و پاکتاو کە دژ بە گەلی کورد ئەنجامدراون، دادگایەکی نێونەتەوەیی و بێلایەنە.

**ناوەندی چاک**

19–09–2006